# پیشوازی گەرمی خەلکی هۆلەنداو جالیەی کورد وعیراقی وعەرەبی لەپیکیت ومیزکتیبی ریکخراوی ئازادی ژن لەئەمستردام-هۆلەندا



بۆ ریزگرتن لە8مارسی ئەمسالْ،رۆژی جیهانی ژنان وبۆ راکیشانی پشتیوانی جالیەی کورد وعیراقی وخەلکی ئازادی خوازی کۆمەلگای هۆلەندی لەریکخراوی ئازادی ژن وکۆنگرەی ئەم ریکخراوە لەشاری بەغدا کەلەپیناوی دەستووریکی عیلمانی وجیاکردنەوەی دین لەدەولەت وبۆ جیبەجیکردنی خواستی یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان وپیاوان لە9ی ئەم مانگەدا سازدەکریت، نوینەرایەتی ریکخراوی ئازادی ژن لەهۆلەندا بەهاوکاری حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق-کۆمیتەی هۆلەندا رۆژی 2005/3/5 بۆ ماوەی (5) کاتژمیر، لە سەعات11.00ی بەیانییەوە هەتا 16.00پاشنیوەرۆ پیکیتی نارەزایەتی ومیزکتیبیان لەشاری ئەمستردام_هۆلەندا بەریخست.



لەم رۆژەدا سەدان بەیاننامە وراگەیاندنی ریکخراوی ئازادی ژن وحیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق وبانگەوازی هاوریٚ ریبوار ئەحمەد لیدەری حیزب بە زمانی ئینگلیزی وهۆلەندی و عەرەبی وکوردی بلاوکرانەوە. میزکتیبی ریکخراوی ئازادی ژن سەرەرای سەرمای زۆر وخراپی کەش وهەوا، ببوە جیگاسەرنجی خەلکی هۆلەندا وجالیەی کورد وعیراقی وعەرەبی وبەشیوەیەکی بەرچاو بەپیری ئەم ئاکسیۆنەوە دەهاتن،وناو وئیمزای پشتیوای خۆیان بۆ ریکخراوی ئازادی ژن وکۆنگرەی 8مارس لەشاری بەغدا ئەدا بەهاوریٚیانی پیکیتەکە،وکۆمەکی ماددیان پیٚدەکردن.بەشۆروشەوقیکی بیٚوینەوە دەربارەی ریکخراوی ئازادی ژن وکۆنگرەی بەغدا پرسیاریان لەهاوریٚیان دەکرد وبەنیشانەی خۆشحالییان لەوجودی ئالا وریکخراویکی رادیکالی لەم چەشنە لەعیراق کەپەیامی ئینسانی ورزگاری عیراقیان بەرزکردۆتەوە لەناو ئەم سیناریۆ رەشەی کەجەنگ وداگیرکاری ئەمریکا پیشی هیناوە،دەستی هاوپشتی وسەرکەوتنیان بۆ بەرزدەکردنەوە.جیگای باسە کەژمارەیەکی بەرچاو لەژنانی وولاتانی عەرەبی وعیراقی کەحجاب بەسەربوون، بەنیشانەی نارەزایەتی بەرامبەر

بەکۆنەپەرستی ئیسلامی وهاودلی لەگەڵ قسەوباس وراگەیاندنەکانی ریکخراو وحیزبدا،بەشیوەیەکی گەرم وگور وەرەقەتەبلیغییەکانی حیزبیان وەردەگرت وبەووردی سەرنج وپرسیارەکانیان ئەخستەروو،هەم ئیمزای پشتیوانییان بۆ کۆنگرەی بەغدا ئەدا وهەم کۆمەکی ماددییان پیدەکردن.

ئەم هەنگاوەی هاورییانی نوینەرایەتی ریکخراوی ئازادی ژن و کۆمیتەی هۆلەندا وکردنەوەی باوەشی گەرمی خەلکی ئازادیخوازی هۆلەندا وجالیەی عیراقی وعەرەبی وکوردی بۆ دەنگ وسەدای رادیکاڵ وکۆمۆنیستی و وەستانەوەی ئەم جەبهە عەزیمە بەدژی داگیرکاری ئەمریکا وتیرۆریزمی ئیسلامی،کەلەم میزکتیب وپیکیتەی هاورییانەوە درا بەگوێی کۆمەلگای هۆلەندادا، ئەوە نیشاندەدات کەجیهانی شارستانی چاوی بریوەتە




دەرگای ئومیدیك، ئاڵایەك بۆ دەربازبوونی کۆمەلگای عیراق لەژیر چەپۆکی رەشی جەنگی کۆنەپەرستانەی دووبەرەی تیرۆریستی ئەمریکاو ئیسلامی سیاسی وگیرانەوەی مەدەنییەت بۆ ئەم کۆمەلگایە،تا بەئەوپەری توانایانەوە پشتگیری وهاوکارییان بکەن بۆ سەرخستنیان.

ئیمە بەم بۆنەیەوە بانگەوازی سەرجەم ژنان وئازادیخوازان لەناو جالیەی عەرەبی وعیراقی وکوردی هۆلەندا وجیهان دەکەین لەپیناوی دەستووریکی علمانی ودەولەتیکی سکۆلاردا،وە بۆ جیاکردنەوەی دین لەدەولەت ولەپەروەردە وفیرکردن،کەحورمەت وماڤ ئینسانی ژنان مسۆگەر بکات،وبەربگریت بەکۆیلەکردنی ژنان ورەشەکوژییان کۆتایی پیبهینێ بەبەهانەی ناموس وشەرەفەوە،بەهەر شیوازیك کەخۆیان بەگونجاوی دەزانن پشتگیری خۆیان لەکۆنگرەی ریکخراوی ئازادی ژن لەعیراق رابگەیەنن، وبەهەموو توانایانەوە ئەم ریکخراوە بەهیزبکەن. جیهانی شارستانی بەپانتایی گۆی زەوی پشتیوانی هاتنەسەرکاری حکومەتیکی مەدەنی وسکۆلار دەکات لەعیراقدا.ریکخراوی ئازادی ژن پەرچەمی دیفاعی دلیرانەی ئازادیخوازانە لەیەکسانی هەمەلایەنەی ژنان وپیاوان.ئەم ریکخراوە بکەنە سەنگەری ئەم خواستە جیهانییە.

ریکخراوی ئازادی ژن- نوینەرایەتی هۆلەندا

حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق-کۆمیتەی هۆلەندا

5مارس2005